ڕاپەڕینی مێژوویی ژاپۆن

و لە فارسیەوە: ئەمیری حاجی محەممەد

کردنەوەی دەروازەکانی ژاپۆن.

وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا هۆیەك بوو بۆ ئەوەی کە ژاپۆن دەروازەکانی خۆی لە رووی جیهاندا بکاتەوە، لەسالی (١٨٥٤)دا وولاتە یەکگرتوەکان گەمیەکی جەنگی بەفەرماندەیی (پری) بۆ یابان ناردو بەم وولاتە بە توندی رایگەیاند (انذار) کە پەیمانیك لەگەڵ وولاتە یەکگرتووەکاندا ببەستیت.

دەولەتی ژاپۆن توانای بەرگری و پاسەوانی لەخۆی نەبوو، ناچار مل کەچی ئەو گیچەلە لەمل نەبووەوە بوو، وە پەیمانەکەی قەبوڵ کرد. لەسالەکانی دوایشدا هەروەها ژاپۆن لەگەل بەریتانیای گەورە وە وولاتانی دیکەی رۆژ ئاوادا چەند پەیمانی‌تری بەست وئیمتیازی بازرگانی سوود هینەری بە ئەوانیشدا، هاوڵاتیانی ئەو وولاتانە لە یاسای قەزای ژاپۆنپاریزراو کران (معاف).

لەسالی ١٨٩٨ دەولەتی فئودالی ناتەوانی ژاپۆن بەهۆی شۆڕشیکەوە لە ناوچوو، دەستەڵات وسەروەری گەرایەوە بۆ شا وە راویژەکەرانی ئەم رووداوە بە (دەورانی زیندوو کردنەوەی مینیجی) (دوران احیاو مینیجی) ناونرا، مینیجی ناوی ئیمپراتۆری جەوانێ کە، بە هۆی ئەو شۆڕشەوە بە دەستەڵات گەیشت، لەسەرەتای ساڵەکانی (دەورانی زیندوو کردنەوەی مینیجی)دا ژاپۆن بەناچاری پابەندی ئەو پەیمانە زۆرملەییە بۆ کە بەسەریا سەپێنراو بوو، هاوکات لەگەڵ ئەو بارو دۆخەدا، پرۆگرامی چاکسازی (اصلاح) لەسەر بنەماو بنچینەی باشترین نموونەی رۆژ ئاوادا بنەرەت نا، لەسەرجەم لایەنەکانی ژیان و سیاسەتدا کاریکەری نواند.

ژاپۆن بۆ سازدانی وولاتەکەی هاوشێواز لەگەڵ وولاتانی پێشکەوتووی رۆژ ئاوادا هەنگاوی هەڵگرد بەدابین کردنی یاسای بنەرەتی (دستور) وە یاسای دارشتن کە پێك هاتبوو لە دوو ئەنجوومەن(پەرلەمان)، کە لەئەڵمانیاوە وەری‌گرتبو، وە سووپایەك کە چەشنی سووپای ئەڵمانیا، وە هێزێکی دەریایی وەکو هێزی دەریایی بەریتانیای گەورە، دەوڵەت هەڵسا بە بەر فراوان کردنی پیشەسازی وە هانی‌دەدا بۆ پێشکەوتن.

پیشە سازی و ئابووری

بەمەبەستی هاندان بۆ گەشە پێدان و بەرەو پێشەوەبردنی پیشەسازی، دەولەتی ژاپۆن رۆڵی کاریگەری لەبەشی زۆری کۆمپانیا گەورەکاندا هەبوو، بەڵام لەپاش پتەو بوونی هیم و پایەی پیشەسازیە کلیلیەکان، دەوڵەت بەشی خۆی بە خاوەن سەرمایەکانی بەشی تایبەت (خصوصی) فرۆشت، بەشی تایبەت لە ژاپۆن گەشەی کردو پێ گەیشت و بەهێز بوو، وە دەستەڵاتی لە هەندێ لە کۆمپانیا گەورەکاندا ئاشکراو بەرچاو بوو، زایباتۆ یەکێ لە کۆمپانیا گەورەکانی ژاپۆنە هەر یەکە خاوەن چەند کۆمپانیای بچووکترن، وەکو (میتسۆی) وە (متسوبیشی) وە ئەمانەش هەر یەکێکیان چەند کۆمپانیا دیکەی هەیە، کە سەرجەم بەشە ئابوورییەکانی وولات دادەپۆشن، تاکو پێش شەری جیهانی یەکەم پیشە سازیە قورسەکانی ژاپۆن زۆر بەی زۆریان بۆ ئامادە کردنی پێداویستیە ئیستراتیژیەکان و مەرامە گرنگەکانی سووپای ئەم وولاتە بنیات نرابوون، لەبەر ئەوە کە ژاپۆن کەرەستەی خاوی کلیلی وەکو (بەردی ئاسن) وە (خەڵووزی بەردی) نەبوو، ئیستراتیژیستیەکانی سووپا پتر گرنگیان بەپاراستنی ریگا دەریاییەکان دەدا کە لەویوە کەرەستەی خاویان دەهینا.

ژاپۆن لە پیشە سازیە سووکەکاندا وەکو کارخانەی ئاوریشم، گەلەك سەرکەوتوو بوو، چونکە دامەزراندنی ئەو جۆرە کارخانەیە بە بەراورد لەگەڵ کارخانەکانی دیکە خەرجی کەمتری دەویست، زۆربەی کریکارەکانی ئەو کارخانەیە ئەو ژنانە بوون کە لەکیلگەکانەوە بۆ ئیش کردن لەم کارخانەیەدا هاتبوون. تیپەر بوون و گۆرانی کۆمەلگای ژاپۆن لە کۆمەلگای کۆنە پەرستیە (سنتی) بۆ کۆمەلگای پیشەسازی بە ئاسانی رووی نەدا، بەڵام پیشەوە چوونی پیشەسازی ژاپۆن بە پیچەوانەی پیشەساز بوونی وولاتە پیشکەوتووەکان وەکو بریتانیا تووشی گرفت و چەرمەسەری زۆر نەهات.

بەرنامە ریژانی ژاپۆن هەر چەندە درەنگ بە خۆیاندا هاتن، بەڵام لە ئەزموونەکانی دەولەتانێ وەکو بەریتانیا سوودیان وەرگرت، وە لە هەلەکانی ئەوان دورکەوتنەوە دوپاتیان نەکردەوە. دەولەتی ژاپۆن نەك لە بوون و سەرکەوتنی‌دا لە بواری پیشە سازیدا خیرا بوو بەلکوو دەیویست ویرا بیت، وە بەرێ ورەوشتی تەبایی‌و بێ چەرمەسەری پیش کەوێ. لەسەر ئەمە بنەمای یاسای (پاراستنی ئارامی)دابین کرد، بە پێی ئەم یاسایە لە لایەکەوە لەسالی ١٩٠٠ز مانگرتن بە کاریکی نایاسای دەژمێرێ و لەلایەکیترەوە بەرنامەی چاك سازی ژیان و گوزەرانی کریکاران دابین کردو بەم شیوەیە لە نائارامی پیشە سازی بەرگری کرد، تاقەت و توانای ژاپۆن لەم قۆناغەدا ئەگەریتەوە بۆ ئەو یاسا بەرگریە کە سێ تایبەتمەندی تیدا بوو، تایبەتمەندی یەکەم: بریتی بوو لە دابەزینی ریژەو ژمارەی دامەزراندن و دەرکردن لە هێزی کاردا، دووەم: تایبەتمەندی پیك هاتبوو لە راست گۆیی هەردوو لایەنەکە هەم کریکاران وە هەم فەرمانرەوایان، وە هەروەها دەست نیشان کردنی لەسەر بنەمای سەرکەوتنی لەئیش و کارەکەیدا، تایبەمەندی سێیەم: ئەوە بوو کە کۆمپانیەکان ژیان و گوزەرانی کۆمەلایەتی بۆ کریکاران ئاسان و دابین بکات، ئەم خالانە بوون بە هۆی ئەوە کە ژاپۆن توانای ئەوەی هەبیت کە بەکەمترین کات و بەباشترین شیوە پیش بکەویت لە بواری پیشەسازیدا.

فیر کردن

هۆی بنەرەتی ئەو پیشکەوتنە سەرکەوتوەی ژاپۆن، دەزگای فیرکردنی گشتی بوو کە لە سالەکانی سەرەتایی سەردەمی (بووژانەوەی مینیجی) دابین کرا، دەزگای فیرکردنی بە زۆر لەسەر هەموان (تعلیم اجباری) بۆ پینج سالی یەکەم، بەڵام لە سالێ ١٩٠٧. فیرکردنی بە زۆر زیادکرا، بوو بە شەش سالی سەرەتایی.

لەسەرەتایی سەدەی بیستەمدا، پینج ملیۆن کەس لە ٢٧٠٠قوتابخانەی سەرەتایدا سەرگەرمی خویندن بوون، جگە لە خویندن و نووسین، وانەی بیرکاری ونیشتمان پەروەریشیان بەرادەی پیویست لە قوتابخانەکانیان فیردەکرد، فیرگەکانی ناوەندی جەختیان لەسەر فیر کردنی زانیاریەکانی کار، پیشە و هونەر دەکرد، وە بەم شیویەش ژیرخانی ئابووری ئەم وولاتە تۆکمەتر دەبوو، کۆلیجە (سەلتەنەتی‌یەکان) منالانی پیاو ماقوولانی لە خۆی گرتبوو، بۆ بەریوە بردنی کاروبارو دەزگا حکومەتیەکان، وەفیردەکران بۆ ئیش کردن لە بەشە تایبەتیەکاندا، لەراستیدا نەخویندەواری بن بر بوو، دام و دەزگای فیرکردن و زانیاری بەریك و پیکی قوتابخانەکانی ئەم وولاتە لە ژیر چاودیری وهەلسەنگاندندا گرتبوو، چەندین بابەت لە ناو ئاخنی کتیبەکانی قوتابیانی زانکۆی ژاپۆندا گونجینرا بوو کە جەختیان لەسەری دەکردن وەکو ئیمپراتۆر، وولات، نیشتمان پەروەری‌و فیداکاری، ئەرکی سەرشان لەبەرانبەر خیزان.

لە سالی ١٨٩٠ ئیمپراتۆرو یاریدەدەرەکانی فەرمانیکیان سەبارەت بە فیر کردن دەرکرد، کەپیویستە خەلك هاو وولاتیەکی بەوەفا بن و رەسەن وداب و نەریتی کۆن بپاریزن، وە بۆ حکومەت ئەمەکدار بن و رەفتاری دروست لەگەڵ خەلکی پیرو پەککەوتوو بکەن و بیانپاریزن، لەو کاتەوە تا سالی١٩٤٥ئەم فەرمانە بەردی بناغە دەزگای فیرکردن بوو لە بواری رەوشتی‌و مەعنەویەوە، نووسراوی ئەم فەرمانە لەسەرجەم قوتابخانەکاندا دابەش کراوە هەلواسرا.

لەسالێ ١٩٠٣ بەدواوە، دەولەت دابین کردنی پەرتوکی فیرکردنی خستە سەر ئەستۆی خۆی، وئیش وکارەکانی کە لەوە گرنگتر بوون خرانە سەر ئەستوی کە سانیتر.

دەزگای دەولەتی (حکومەت)

دوو کۆلەکەی بنەرەتی دەولەتی ژاپۆن پیك هاتبو لە سووپا وە دەزگای بەریوەبردن، خزمەت کردنی شار کەوتە سەر ئەستۆی چەندین هەزار دەرچوانی زانکۆی سەلتەنەتی کە لەپاشان بەزانکۆی تۆکیۆ ناونرا، لەبەر ئەوە کار بەدەستانی دەولەت فیربوون و زانیاریەکی ئاکادیمی گرانیان، بەهایان بەدەست هینا بوو، وە هەروەها بە ناوی کاربەدەستانی ئیمپراتۆرەوە ناسراو بوون، ریزو ئەمەکی زۆریان لی دەگیرا، کار بەدەستانی دەولەت رەشنووسی پیشنیارەکان بۆ ئەنجومەن ئامادە دەکرد، بە ئاسانی دەستیان بە وەزیرەکان دەگەیشت، بەشیوەی گشتی دەزگا دەولەتیەکان لەبەرانبەر فشاری سیاسی لە دەرەوەی دەزگان رای گشتی وە بەشە تایبەتیەکان پاریزگاریان هەبوو (مصونیت)، لەبەر ئەمە ئەوانە بوون بە هۆی ئارام بەخشی و سەقامگیر بوونی کۆمەلگای ژاپۆن.

سوپا

بەتەواو بوونی سەدەی نۆزدەیەم، هێزی سووپا تارادەیەکی زۆر دەستەڵاتی بەسەر ژاپۆندا گرتبو، سووپا وە هێزی دەریایی بۆ پیشاندانی گرنگی و بایەخی خۆیان هیچ کۆسپیك لەبەرانبەریاندا نەبوو، بە پێی یاسای بنەرەتی (قانون اساسی) مینیجی لە سالی ١٨٨٩ ئیمپراتۆر فەرماندەی گشت سووپا وە هێزی دەریایی بوو، ئەویش لە بواری هێزی چەکداریەوە لەگەڵ وەزیرەکان کە نوینەری سووپاو هێزی دەریایی بوون کە لە لایەن هێزەکانی خۆیانە هەلبژیردراربوون راویژی دەکرد، پیکهاتەی هێزی چەکداری بەو جۆرە بوو کە لە ریگای پێ نەناسین و شاراوەوە، نوینەری خۆی بۆ ئەندام بوون لە کابینەدا دیاری دەکرد، لەبەر ئەوەی بتوانێ فەرمان بە وەزیرانی جەنگ وە هێزی دەریایی بدا بۆ دەست هەلگرتن لە وەزارەت لە کاتێ کەسیاسەت یارمەتی‌دەر نەبێ، وە هەروەها لەبەر ئەوەی کەسیاسەتی مەدەنیەکان کۆنترۆڵ بکات.

لە راستیدا قەوارەی هێزی چەکداری بە پێی (پێ‌نەناسین) و بەنهێنی نوێنەر ناردن بۆ کابینەو فەرماندان بۆ دەست هەڵگرتنی وەزیرەکانی جەنگ و هێزی دەریایی، رێ خۆشکەرە بۆ پێك نەهاتنی دەوڵەتی نوێ، وە ئامادە کردنی زەمینە بۆ روخاندنی دەوڵەتێ کە لەسەر کارە.

بوودجەی (میزانیە)هێزی چەکداری هەر بە جۆری رێژەی وە هەم بە جۆری رەهایی(مطلق)ساڵ بە دوای ساڵدا زیادتر دەبوو، لە ساڵێ ١٨٨٤ لە سنوری ٣/١ی بوودجە وولات پێك هاتبوو، و لە ساڵی ١٩١٣دا گەیشت بە نیوەی بوودجەی وولات، ئەفسەرانی ژاپۆنی خۆیان بەمیرات گرانی سووپاو جەنگاوەرە کۆن و مێژینەکانی وولات دەزانی، وە لە ئەنجامدا رێگا چارەی ئاسانیان بۆ کێشە ئاڵۆزەکان پێشنیار دەکرد، هاو وولاتتیانی ژاپۆن بۆ جەنگاوەرە (سامۆراییەکان) رێز و ئەمەکیان فراوانیان هەبوو لەبەر ئەمە خەڵکی ژاپۆن بۆ ئەفسەرەکان کە خۆیان بەمیراتگری ئەو جەنگاوەر سامۆراوییانە دەزانی لێیان دەگرت، سووپا قارەمانەکانی خۆی بە خەڵك ناساند، ئەو راگەیاندنانەی کە دەوڵەت لەسەر وەفاداری‌و فیداکاری بۆ سەڵتەنەت وە قارەمانەکانی جەختی زیاتری دەکرد، وێنەی قارەمانەکان خۆشەویستر بوون.

سەرچاوە: کورتەیەك لە مێژوی ژاپۆن

نووسینی: ریچارد گاف و هاوکارەکانی زانکۆی

هۆکارەکانی دادگایکردنی سەدام



شیخ تەیب قەرەداغی

سەدام حسین کەتاوەکو ئیستا بەروالەت سەرۆکی کۆماری عیراقەو گومانی ئەوە دەکریت چەکی کۆکوژی هەبیت، بەڵام ئەو توانای خۆی بەکار هیناو چەکەکانی بۆ پشکینەران ئاشکرا نەکرد، ناچار ئەمەریکا تاکە ریگەی سەربازی بەکارهینا بۆ لەناو بردنی و دەست بەسەراگرتنی چەکە کۆ کوژەکان ، کیشەی سەدام لەوەدا خۆی نابینیتەوە وەك هەندێ لەسەرچاوەکان ئیشارەتیان پیداوە کە گوایە ریگەی هەلهاتن ومافی پەنابەریتی دان مەسەلەکان کۆتاییان پیدیت . سەدام حسین تاوانبارە بەئەنجامدانی چەند تاوانیك لەوانە

أ – تاوانی دەرەوەی عیراق کەلەمانە پیکهاتووە :

١– هەلگیرساندنی شەری سەربازی لەگەل ئیران ، کەماوەی هەشت سالی خایاند بەهەزارەها سەرباز لەهەردوو ولات کوژران، هەزاران هاولاتی مەدەنی تیاچوون ئەمە جگە لەکاولکاری کە ئەمە تاوانیکی جەنگە سەدام حسین لیی بەرپرسیارە.

٢– داگیرکردنی ولاتی کویت وتالانکردن وکوشتنی سەدان مرۆڤی کویتی ولەناوبردنی دیلە کویتیەکان ئەمەش خۆی هیچ پاساویکی نیە تەنها ئارەزوویەکی سەدام خۆی نەبیت .چونکە دەولەتی کویت لەحالەتی جەنگدا نەبووە لەگەڵ عیراقدا .

٣– موشەك بارانی ئیسرائیل ، لەکاتی هەلگیرسانی شەری گەردەلولی بیاباندا کەسەدام حسین بەزەبری هیزی سەربازی هاوپەیمانان کەپتر لە سی ولات بەشداربوون لەکویت راونراو سوپاکەشی سەرشۆرکرا کاتێ نزیك کەوتەوە لەکەناری مەرگ لەچادرگەی سەفوان ئیمزای لەسەر هەموو مەرجەکانی هاوپەیمانان کرد ، دەولەتی ئیسرائیل لەحالەتی جەنگدا نەبوو لەگەل عیراق و لەگەڵ هاوپەیمانانیش بەشدار نەبوو لەلیدانی عیراق ،بەم موشەك بارانکردنەی ، سەدام تاوانبار دەکرێ

ب– تاوانەکانی سەدام لەناوخۆی عیراق : لەناوخۆی عیراقیشدا سەدام چەندین تاوانی کردووە بەرامبەر نەتەوەو مەزهەب وهاولاتیان و پارتە نەیارەکانی خۆی لەوانە :

١– تاوانەکانی بەرامبەر کوردە فەیلییەکان کاتێ سەدام حسین هەستا بەدەرکردن ودەستبەسەراگرتنی مال ومولك و سەرمایەی کوردە فەیلییەکان و هەموویانی رەوانەی ئیران کرد.

٢– تاوانی لەسیدارەدانی چەندین ئایەتولای مەرجەعیەتی شیعە لەکەربەلاو نەجەف و کوشتن وگرتنی دەیان شیعە لەعاشورەکاندا .

٣– وشککردنی هۆرەکان ولەناو بردنی گوزەرانی هەزارەها گوندی ناو هۆرەکان وەلەناو بردنی هەزارەها لەدانیشتوانی هۆرەکان بەپاساوی هەلهاتن لەخزمەتی سەربازی .

٤– لەناو بردنی چەندین موفەکیرو شاعیر و رۆژنامەنووس ورۆشنبیران بەپاساوی نەیاری بەرامبەر رژیمەکەی سەدام •

٥– لەناو بردنی زۆر لەکادیرانی حیزبی شوعی عیراقی کاتێ کەهاوپەیمان بوون لەگەڵ رژیمدا وەزیندانی کردنی زۆربەیان .

٦– لەناو بردنی زۆر لەکادیرەکانی ناو حیزبی بەعس بەپاساوی نەیارکردنی سەدام ورژیمەکەی •

٧– کاولکردنی سەدان گوندی سنوری کوردستان پشتینەی سنوری عیراق – ئیران بەریکەوتن لەگەڵ شای ئیران وەدەربەدەرکردنی دانیشتوانی ئەم گوندانە وەلەناو بردنی هەموو باخەکانیان هەرچەندە بەمەبلەغیکی کەم قەرەبووی مولکی بۆ کردن.

٨– کیمیا بارانکردنی هەلەبجەو لەناوبردنی نزیکەی پینج هەزار مرۆڤی کورد بەگازی کیمیاوی ، هەروەها بەکاهینانی کیمیاوی‌و چەکی کۆمەلکوژ بۆ ناوچەکانی قەرەداغ وسیوسینان وعەسکەرو گۆپتەپە کەژمارەیەکی زۆری لەگوند نشینەکان لەناو برد

٩– ئەنفالکردنی نزیکەی ١٨٢ هەزار کوردو خاپورکردنی ٤هەزار گوندی کوردستان .

١٠– دوای روخانی دەسەلاتی سەدام چەندین تاوانی شارەوەش دەردەکەوێ کەمیشکی هیچ مرۆڤێ پەی پینابات کەلەبنکە تایبەتییەکانی (المجازرالبشریه) رویان داوە •

١١– بەهەزارەها تاوانی (اغتصاب) کەسەدام وکورەکانی پیی هەلساون بەرامبەر بەو ئافرەتە شۆخ وشەنگانەی بەغداد•